# ئـەبێت کـێ هێمن بێتـەوە

هیوا قادر

ئەوەی پەلەیکرد لە لابردنی حوسنی موبارەکدا، تەنها ئەو هەموو توڕەبوونەی جەماوەرنەبوو، بەڵکە ئەو قسەکردنەی یەکەمجاری بوو لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکان، ئەوەی بە وردی گوێ لە خیتابی ئەم پیاوە بگرێت تێئەگات کە ئەمە دواهەناسەکانی دەسەڵاتی ئەوە. بۆیە قسەکردنی سیاسییەکان لەو ساتە مێژوویی و گرنگانەدا گرنگترین فاکتەری لابردن و مانەوەی ئەوانە لای خەڵکی. من دڵنیام دوای هێمنبوونەوەی ئەم باری هەڵچوونە ئەکرێت دەستبکرێت بە بەراوردکردنی خیتابی دەسەڵاتدارانی عەرەب و کورد، تابزانرێت کاریگەریان لەسەر زیاتر هاندانی ئەم شەپۆلی توڕەبوونە چەندبووە. نەزانینی قسەکردنی سیاسەتمەدارانی کوردی لەم لەحزانەدا ئەگەڕێتەوە بۆ پشتئەستووریان بە کلتوری تۆڵە و نەزانینی سیاسەت و هونەری خیتابە، هەروەها نەناسینی کۆمەڵگەی کوردی و هەستپێنەکردن بەو بۆشاییە خەتەرەی کە کەوتۆتە نێوان ئەوان و خەڵکییەوە، ئەو بۆشاییەی کە بە بۆشاییەکی سەرەتانی سیاسی دائەنرێت. تا ئێستاش سیاسەتمەداری کوردی لە پلەی یەکەمی دەسەڵاتەوە تا کادرێکی حیزبی تێناگەن کە چەندە وێنەیان لە چاوی خەڵکیدا ناشیرینە، کاتێکیش ئەم وێنەیە لە چاوی تورەی خەڵکیدا ئەبینێت، غروری سیاسی و ومێژووی خۆی ڕێپێنادات وێنە ڕاساتەقینەکەی خۆی ببینێت و پەلاماری ئەو هاوکێشە سیاسییە کۆنە ئەدات، کە گوایە ئەمانە پلان و ئاژاوەگێڕیی دەستی دوژمنانە.

سیاسەتمەداری کوردی غرور و نەزانین کوێری کردووە، تا ئێستاشی لەسەربێت کە هەفتەیەک بەسەر ١٧ی دوودا تێپەڕیوە، هەم خۆیان و هەم میدیا ناشیرینەکانیان بەهەمان تۆن و بەیت و بالۆرە قسەئەکەن، هێشتا ئەوانن کە داوای هێمنی لە هاوڵاتیان ئەکەن، ئەوەی کە ڕەنگبێت بتوانێت هێمنی دروستبکات پاشگەزبوونەوەی ئێوەیە لەو زمانی تۆڵەکردنەوە و دەستبڕینانە، داوای لێبوردنی ئێوەیە لەو هەموو کوشتن و لێدانانە، ئەبێت واز لەوەبێنن کە بارەگاکانتان موقەدەسە، لەبیرتان نەچێت هەر بیست ساڵ لەوەوبەر ئەم بارەگایەی کە هێندە بە پیرۆزی ئەزانن، لەلایەن برا و باوکی ئەوانەوەی کە ئێستا ئێوە تەقەیان لێ ئەکەن، گیراو و سوتێنرا، ئەم بینا ناشیرینەی کە بینای مونەزەمەی ڕژێمی بەعس بوو، لە هەرە ساتەکانی هێمنی و ئارامی ئەم شارەدا ناشیرینترین جێگای شاری سلێمانی بووە، گەر سیاسییەک حورمەتی یادەوەری سیاسی هاوڵاتیانی خۆی بگرێت هەرگیز ناچێتە بینایەکەوە کە پێش خۆی هاوڵاتییەکانی خۆیی تیادا کوژراوە و هەڵواسراوە.

ئێوە داوای هێمن بوونەوە ئەکەن و کەچی بەردەوام لە میدیاکانتانەوە ئەم قسە ناسیاسی و ناشارستانیانە ئەکەن و ئەڵێن ئەوەی تەعدامان لێ بکات دەستەکانی ئەبڕینەوە، سوپاسی ئەوانە ئەکەن کە بارەگاکەتانی پاراستووە و تەقەیان لە گەنج و مێردمناڵی ئەم وڵاتە کردووە، ئەڵێن و ئەڵێن و ئەیڵێنەوە. ئێوە تەعداتان لێکراوە، پیلانتان بۆ دانراوە و غەدرتان لێکراوە؟ بۆ بیست ساڵ ئەچێت هەرچی دەسەڵاتداری سیاسی کوردییە بە هەموو ڕەنگەکانتانەوە، تەعدا لەم کۆمەڵگەیە ئەکەن، ڕۆژانە کەرامەتی ئەشکێنن، ئابڕوی ئەبەن و گاڵتە بە هەستی گەنج و منداڵی ئەم وڵاتە ئەکەن، پێتانوایە نەبوونی ئاو و کارەبا و پێداویستییە هەرە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە تەعدانییە لە خەڵکی، پێتانوایە شەڕی ناوخۆ گەورەترین تەعدانەبووە لەم کۆمەڵگەیە، پێتانوایە گاڵتەکردنی سەرۆکێک بە خەونی سەرلەبەری کۆمەڵگەیەک تەعدانییە، کوشتی سۆرانی مامەحەمە و زەردەشت و دروستکردنی سەخیفترین سیناریۆ تەعدا نەبوو، چونی دەسەڵاتداری سیاسی کوردی بۆ وڵاتانی دراوسێ و قسەنەزانین و درۆکردنی

تەعدانییە لە ئینسانی کوردی، ئێوە بیست ساڵە تەعدا لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە ئەکەن، گوێیان لێناگرن و قەشمەری بە قسەکانیان ئەکەن، پێتانوایە ئەوان و هەموو ئینسانەکانی تریش وەک کڕینی ئۆتۆمبیل و ناوماڵەکانی خۆتان قابیلی کڕینن. ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی لە ئێوە هۆشیارتر نەبێت و هەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێوە بەرزتر نەبێت، ئەبوو ئێستا ئێوە دەمێکبوو دارتان بەسەر بەردەوە نەمێنێت، ئێوە ئەبێت هەمیشە سوپاسگوزاری ئینسانی کوردبن، خۆتان بە خزمەتکار و بچوکی ئەم کۆمەڵگەیە بزانن، چونکە ئەوان دەسەڵاتی سیاسیان لە ڕاپەڕیندا دایەوەدەستی ئێوە، هەر ئەوان بوون خۆیان و باوک و خوشک و برایان ئەبوونە سوتەمەنی ناو شۆڕشە یەک بەدوای یەکەکان.
هەر چرکەیەک درێژە بە غرور و بێدەنگی ئێوە بدات لە ئاست داواکارییەکانی خەڵکیدا، نزیکبوونەوەی ئێوەیە لە مەرگێکی حەتمی، ئەبێت بە زووترین کات دادگایەکی کراوە بۆ هەموو ئەو منداڵکوژانە دابنرێت، کە وێنە و ناویان لەلای هەموو خەڵکییە، ئەبێت بزانرێت سەرپەرشتیاری لقی چوار پەیوەندی بە کێوە کردووە و کێ فەرمانی تەقەکردنی پێداوە.
پێموایە تا زووتر ئەم داوایانە قبوڵبکەن کە خراوەتە بەردەمتان، زووتر ئەم نیشتیمانە برینداره لەو مەرگە ئەپارێزن کە لە پاڵیدا وەستاوە و ئێوە هۆکاری سەرەکین، غروری خۆتان تێکبشکێنن و ئەو بۆشاییەی نێوان خۆتان و خەڵکی بەوە پڕبکەنەوە، کە ئێوە پیرۆزنین، ئێوە تەنها هاوڵاتییەکی ناو ئەم کۆمەڵگەیەن و بەس، هیچ کەسایەتی و حیزب و ئایدۆلۆژیا و دینێک پیرۆزتر نییە لە بەردەم ئینسانەکاندا، مەرگی ئینسانێکی بەدەستی ئێوە بریتییە لە مەرگی بەشێک لە خودا، مەرگی ئینسانێک بریتییە لە فەوتاندنی یەکجارەکی ئەو تایبەتمەندنییەی کە لە هەموو ئینسانێکدا ملیۆنان ساڵە هەیە و دووبارەنابێتەوە.
گەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سیاسەتمەدارەکانی بە ئاکارتر و هوشیارتتر نەبوونایە، ئەبوو ئێوە دەمێکبوو بڕۆیشتنایە، حورمەت بگێڕنەوە بۆ سەبری بیست ساڵی خەڵکی لە ئێوە، حورمەتی ئەم توڕەربوونە بگرن و واز لەم هاوکێشە کلاسیکییە سیاسییە بێنن کە ئەمە دەستە، گەر ڕاست ئەکەن تا دەستە ناحەزەکان بەتەواوەتی نەهاتوون، ئێوە داوای لێبووردن بکەن و هەموو داواکانی خەڵکی قبوڵبکەن.
بۆ ئەوەی لە هەموو ١٧ی دوویەکی تریشدا هاوڵاتیانی ئەم شارە، جارێکی تر بەرد نەگرنەوە ئەو بینایەی کە ئێستا لقی چوارە، باشترە ئەو بینایە لەسەر ئەم زەمینە نەمێنێت، تا جارێکی تر یادوەریمان بەو جێگا ناشیرینەی لە زەمەنی بەعسەوە درێژبۆتەوە بەردەوام خوێنی لێنەچۆڕێت.